KOREK

مەدریدییەکان هیواخوازن سەردەمی بارسای لیۆنێل بەسەربچێت..

# "مێسی نوشتەیەکی شۆمە بۆ ریال مەدرید"

رووداوی وەرزشی ـ CNBC

رۆژنامەنووسێکی بەناوبانگی ئیسپانی، لیۆنێل مێسی ئەستێرەی ئەرجەنتینی یانەی بارسێلۆنای ئیسپانی بە هـۆکاری هەموو ئەو مەینەتـی و خراپیانە دەزانێت کە بەسـەر یانەی ریـال مەدریددا دێـن و دەڵێت «تاوەکو سـەردەمی مێسـی بەسـەرنەچێت، ریـال مەدریـد لە قەیرانەکانی رزگاری نابێت».

مانوێـل گابـوای رۆژنامەنووس، کە بـە لایەنگرێکی سەرسەختی ریال مەدرید ناسراوە، هیوای کۆتاییهاتنی سـەردەمی مێسـی ئەسـتێرەی بارسـێلۆنا و باشترین یاریزانـی جیهان لە ماوەیەکی نزیک دەخوازێت، چونکە بەپێی قسەکانی ئەو، هەموو ئەو خراپیانەی لە ساڵانی رابردوو بەسـەر یانەی ریال مەدریـددا هاتوون، بەهۆی مێسییەوە بوونە «ئەو وەک نوشتەیەکی شۆم بووە بۆ ریـال مەدرید». ئەو رۆژنامەنووسـە، لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ رادیۆی کادینا سـێری ئیسـپانی دووپاتیکردەوە کە زۆر بەپەرۆشە سەردەمی بارسێلۆنای مێسی کۆتایی بێت، لەبەرئەوەی وەک خۆی دەڵێت «مێسـی هۆکاری سەرەکی هەموو قەیرانەکانی ریال مەدریدە، هەموو ئەو مەینەتیانەی لە سـاڵانی دواییدا بەسـەر ریال مەدریددا هاتوون بەهۆی مێسییەوە بوونە».

لێدوانەکانی ئەو رۆژنامەنووسە لەخۆڕا نەبوون، چونکە ریال مەدرید لە سـاڵانی رابردوودا بەرامبەر بارسـێلۆنا هیچی پێنەکـراوە، هەروەها بێجگە لەو یارییانەی بارسا لەبەرامبەر ریال مەدرید ئەنجامیداون، لە بەرامبەر یانەکانی دیکەشـدا مێسـی هۆکار بووە بۆ ئەوەی بارسا لە زۆربەیاندا سەرکەوتن بەدەستبێنێت و ریال مەدرید لەدوای خۆی جێبهێڵێت.



WWW.RUDAW.NET

رووداو وەرزشی

ژمارە (385) سێشەممە 2016/1/26 6ی رێبەندان 2715 (500) دینار

رۆژنامەیەکی وەرزشی هەفتانەیە کۆمپانیای رووداو بەسپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم دەریدەکات

چاوەڕێی هاوین بن..

# ئیبلیسە

"مۆرینیۆ بە یاریدەدەرەکانی گوتووە ئامادەبن دەچینە مانچستەر یونایتد"





یانەیەکی بەلجیکی کۆچبەرێکی باشووری کوردستان دەباتە ریزەکانی

2

مەدریدییەکان متمانەیان بە مانەوەی رۆناڵدۆ نەماوە


3

خاوەن خەڵاتی پوشکاش..

"کە موژدەم پێدرا خەریکی خواردنی برنج و پاقلە بووم



3 »



## یەکەمی تۆمارکرد

ژیلوان حەمەدی یاریزانی کوردی یانەی هۆفنهایمی ئەڵمانی، لە گەڕی 18ی خولی ئەڵمانیادا یەکەم گۆڵی خۆی لە بۆندسلیگا تۆمارکرد، دوای گەڕانەوەی لە خولی بەلجیکا، کە بەشـێوەی خواستـن یاری بۆ یانەی سـتاندار لیگی بەلجیکی دەکرد. ژیلوان لە گەڕی رابردوودا بەرامبەر یانەی بایرلیڤەرکۆزن لە خولەکی 40دا گۆڵی یەکەمی تۆمارکردو خاڵێکی گرنگی بۆ یانەکەی لە یانەی پلەی پێنجەم وەرگرت، کە هۆفنهایم لە پلەی پێش کۆتاییدایەو مەترسی دابەزینی لەسەرە. ژیلوان، کە خەڵکی شاری رانیەی باشووری کوردستانە، پێشتر لە هەڤپەیڤینێکدا بە (رووداوی وەرزشی) گوتبوو «ئامانجی من ئەوەیە لە بۆندسلیگادا ئاستێکی بەرز پێشکەش بکەم و ببمە جێی سەرنجی یانە گەورەکان».

خەونەکانی گەورەتر دەبن..

# یانەیەکی بەلجیکی کۆچبەرێکی باشووری کوردستان دەباتە ریزەکانی

## پەیڕەو محەممەد: خەونی گەورەم یاریکردنە بۆ یانەی ئەندرلەخت



**تایبەت بە رووداوی وەرزشی**

گەنجێکـی کـورد وەک کۆچبەرێـک لە باشـووری کوردسـتانەوە پەنا دەباتە بەر بەلجیکا، بێئاگا لەوەی لـەو وڵاتەدا خەونە گەورەکەی دێتەدی، کە یاریکردنە وەک یاریزانێک بۆ یانەیەکی تۆپی پێی ئەوروپا. ئیدی لـەوێ خەونەکانی ئەو گەنجە گەورەتـر دەبن و وەک خۆی بـە (رووداوی وەرزشـی) گوتـی «دەمەوێ بۆ یانەی ئەندرلەختی بەلجیکی یاری بکەم».

کەمن ئەوانـەی لە رێگەی کۆچکردنەوە بە خەونی گەورەیـان دەگەن، چونکە ئەوان تەنیا بۆ دابینکردنی ژیانێکی خۆشتر لە ژیانی وڵاتەکەیان، مەملەکەتی باب و باپیرانیان جێدەهێڵن، هیچ ئامانجێکی دیکەیان نییە. پەیڕەو محەممەد کەریم، یەکێکە لەوانەی قەدەری خوا بەو شێوەیە خەونی گەورەی بۆ هێناوەتەدی.

ئـەو گەنجێکـی لەدایکبـووی سـاڵی 1990ە، لە پارێزگای هەڵەبجەی شەهید، ساڵی رابردوو باشووری کوردستانی جێهێشت و لە بەلجیکا گیرسایەوە، بەڵام لـەوێ ئەوەی لە هزریدا نەبوو بـۆی هاتەدی، چونکە یانەیەکی پلە دووی ئەو وڵاتە بە تواناکانی یاریکردنی ئـەو رازی بوو، کە لە رێگەی هاوڕێیەکەوە بەو یانەیە ناسێنراو دواجار گرێبەستی لەگەڵ مۆرکرد.

پەیـڕەو، کـە لە یاری تۆپی پێ توانایەکی باشـی هەیەو پێشتر لە باشووری کوردستان یاری بۆ یانەکانی جیهـان و پەیام کـردووە، لە لێدوانێکـی تایبەتدا بۆ (رووداوی وەرزشی) خۆشحاڵی خۆی بەوە نیشاندا کە ئێستا ئەو لە بەلجیکا وەک یاریزانێک مامەڵەی لەگەڵ دەکرێـت و یاری بۆ یانـەی TURKSE RANGERS دەکات، کـە لـە خولی یانە پلە دووەکانـی ئەو وڵاتە بەشـدارە. پەیـڕەو گوتی «سـوپاس بۆ خـوا من لە رێگـەی هاوڕێیەکمەوە کە خەڵکـی بەلجیکایەو ناوی ئەلبێرتۆیـە، بـەو یانەیـە ناسـێنرام و دوای بینینی یاریکردنم، دەستەی راهێنەرانی یانەکە بەوە رازی بوون ببمە یاریزانی یانەکەیان و گرێبەسـتێکیان لەگەڵ مۆر کردم».

پەیڕەو، کە لە هێڵی هێرشـبردن یاری دەکات، لە بارەی گرێبەستەکەیەوە گوتی «ماوەی گرێبەستەکەم ساڵێکە، لەوانەیە دواتر درێژ بکرێتەوە، ئەگەر ئاستێکی باش لەگەڵیاندا پێشکەش بکەم».

ئـەو یاریزانـەی باشـووری کوردسـتان، دەیەوێ ئـەو خەونەی، کـە یاریکردنە لە خولێکـی ئەورووپی، گەورەتری بکات و دەڵێت «دەمەوێ زیاتر خۆم ماندوو بکـەم، چونکە بەڕاسـتی وەرزش لێـرە مانای هەیە. ئاواتی من ئەوەیە یاری بۆ یانەی ئەندرلەختی بەلجیکی بکـەم، کە یەکێکـە لە یانـە بەناوبانگەکانی ئەوروپا، بێگومـان هەموو هەوڵێکم دەخەمەگەڕ لەپێناو ئەوەی ئەو خەونە گەورەیەم بکەمە راستی».

وەک پەیـڕەو بۆ (رووداوی وەرزشـی) باسـیکرد، ئـەوەی زیاتـر هانـی دەدات هەنـگاوی خێراتر لەنێو یاریگەکانی بەلجیکا بهاوێژێت، ئەوەیە کە بەلجیکییەکان زۆر رێـزی دەگـرن و لـە هەموو روویێکـەوە هاوکاری دەکەن «ئەوان بەو مامەڵە جوانەی لەگەڵ من دەکەن، کەشێکی زۆر خۆش و کاریگەریان بۆ رخساندووم، بۆ ئەوەی بەردەوام لە هەوڵ و کۆششەکانم زیاد بکەم، بە مەبەسـتی گەیشتن بە ئامانجە گەورەکەم». هەروەها گوتـی «یاریزانانی یانەکەم زۆر حـەز بە هاوڕێیەتیم دەکەن، زۆر باشـن لەگەڵم، زۆرجار داوەتم دەکەن بۆ نان خواردن، پێکەوە دەچینە دەرەوەو ئامادەی بینینی یارییەکان دەبین».

یانـەی TURKSE RANGERS سـاڵی 1976 لە شـاری جینک دامەزراوەو ئێسـتا لە خولـی یانە پلە دووەکانی ئەو وڵاتە یاری دەکات.

یانـەی ئەندرلەختیش، کە ئاواتی پەیڕەوە یاری بۆ بـکات، گەورەترین یانەی بەلجیکایە، 33 جار نازناوی خولی وڵاتەکەی بردووەتەوە، لەگەڵ 9 جامی بەلجیکا و 12 جامی سوپەری بەلجیکا. هەروەها لەسەر ئاستی ئەورووپاش 2 جامی سوپەری ئەوروپا، جامێکی یەکێتی ئەورووپـا و 2 جامـی ئەورووپـا بـۆ پاڵەوانانـی جامی بردووەتەوە.

یانەی TURKSE RANGERS ساڵی 1976 لە شاری جینک دامەزراوەو ئێستا لە خولی یانە پلە دووەکانی ئەو وڵاتە یاری دەکات.

# باڵەی هەولێر کارگێڕانی یانەکەی قەرزار کردەوە

## یاریزانێک: نابێت چیدی ناوی هەولێر تەنیا بە تۆپی پێوە ببەسترێتەوە

**کارزان کانەبی**
**رووداوی وەرزشی - هەولێر**

جێگری سـەرۆکی یانەی وەرزشـیی هەولێر، بـە (رووداوی وەرزشـی) راگەیانـد «کوڕانـی باڵەی شـارەکەمان ئێمەیـان قەرزارکـردەوە بە بەدەستهێنانی نازناوی خولی باڵەی کوردستان، سەرەڕای نەبوونی هیچ مووچەیەک».

دوای دوو ساڵ لە ئەنجامدانی پاڵەوانیەتی تۆپی باڵـەی یانەکانی کوردسـتان، کوڕانی هەولێریش دوای چاوەڕوانییەکـی زۆر توانیان نازناوی خولی نایابی کوردستان بگەڕێننەوە هەولێری پایتەختی کوردسـتان، سەرەڕای وەرنەگرتنی مووچەی دوو ساڵ و پارەی هیچ گرێبەستێکیش، بەڵام وادیارە تێنویەتـی بۆ نازناوی خولی کوردسـتان وای لە یاریزانانی شـاری هەولێر کـرد، نەهێڵن نازناوی خولەکـە لـە هەولێر دەربچێـت، دوای ئەوەی لە یـاری کۆتاییدا توانیـان بە ئەنجامێکی گەورە لە پێشمەرگەی سلێمانی ببەنەوە.

مەحمـوود عەزیـز، جێگری سـەرۆکی یانەی وەرزشـیی هەولێر، لەو بارەوە خۆشـحاڵی خۆی بـۆ ئەو دەسـتکەوتە نشـانداو گوتـی «کوڕانی تیپی باڵەی یانەکەمـان تەحەددایەکی گەورەیان کرد و سەلماندیان کە بەبێ پارە و بەبێ مووچە دەتوانن ببنە پاڵەوانی کوردستان، بەڕاستی ئەوان دەستەی کارگێڕیان قەرزار کردەوە».

ئێسـتا بەرپرسـانی یانەی هەولێر لە هەوڵی ئـەوەدان بتوانـن دەرگایەک بکەنـەوە بۆ ئەوەی پارەی مووچەی یاریزانانی تیپی باڵەی یانەکەیان دابین بکـەن، لە بـارەی دابینکردنـی مووچەی یاریزانانـی تیپەکـەش، مەحمـوود عەزیـز بـە (رووداوی وەرزشـی) گوت «لە راسـتیدا ئێستا بەرنامەیەکـی وامـان نییـە بۆ ئـەوەی بتوانین سـەرجەم مووچـەی یاریزانانـی تیپـی باڵـەی یانەکەمـان دابیـن بکەیـن، چونکـە بارودۆخی دارایـی تیپەکەمـان وەک پێویسـت نییە، بەڵام ئێمـە لـە هەوڵەکانی خۆمـان بـەردەوام دەبین بۆ ئـەوەی لایەکمان لـێ بکرێتـەوە، یاخود بە کردنـەوەی چەنـد پرۆژەیـەک بتوانین مووچەی یاریزانانـی تیپەکەمان دابیـن بکەین». لەبارەی یارییەکانـی دیکـەش، ئـەو بەرپرسـەی یانەی هەولێر، گوتـی «ئێمە هەوڵی خۆمـان دەدەین سەرجەم تیپەکانی یانەکەمان بەشداری خولەکانـی کوردسـتان و عێراق بکەن، ئێسـتا تیپەکانـی پایسکیلسـواری، تۆپـی دەسـت، بەرزکردنەوەی قورسایی و تۆپی باڵەش بەشداری خولـەکان دەکەنـەوە، ئێمەش بـەردەوام دەبین لـە پشـتگیرییکردنیان. بەداخـەوە یاریزانانـی تیپەکەمان هەموویان مووچەکانیان وەرنەگرتووە، ئێمەش ئەم بارودۆخەمان هاتووەتە پێش، بەڵام دووبارەی دەکەمـەوە هەر هەوڵێک هەبێت ئێمە ئەنجامـی دەدەین بۆ دابینکردنـی مووچەی ئەم یاریزانانەمان».

لەلایـەن خۆشـیەوە، نـەوزاد شـێرزاد، یاریزانـی تۆپـی باڵـەی یانـەی وەرزشـیی هەولێـر، گلەیی ئەوەی لـە ئیدارەی یانەکەی کرد، کە تەنیا بایەخ بە یاری تۆپی پێ دەدات و لەو بارەوە بە (رووداوی وەرزشی) گوت «وەک هەمـووان دەزانن، بەداخـەوە یانەکەمان تۆپـی پێی بەسـەر هەموو یارییەکانـی دیکەدا زاڵ کردووە، بەڕاستی دەبێت کارێک بکەن ناوی هەولێـر تەنیا بە تۆپی پێیەوە نەبەسـترێتەوە، بەڵکو دەبێت لە هەموو یارییەکانی دیکەش ناوی هەولێر لە پلەکانی پێشەوە بێت، بەدەستهێنانی نازناوی کوردستانیش لە ئاستی باڵە بەڵگەیە بۆ بەهێزی باڵەی یانەکەمان لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان».



لە پێشبڕکێی کۆلنی ماوە درێژ لە ئەڵمانیا..

# پێشمەرگەیەکی خۆبەخش سێیەمی نێو 2500 راکەر بوو

**رووداوی وەرزشی - کۆلن**

گەنجێکی کوردی دانیشـتووی ئەڵمانیـا، کە وەک پێشـمەرگەیەکی خۆبەخش لە کوردسـتان بەشـداری لەشەڕی دژ بە داعش کردووە، لە شاری کۆڵنی ئەڵمانیا بەشـداری لە پێشبڕکێیەکی راکردنی ماوە درێژ دەکات و لەنێـو 2500 یاریزانی بەشـداربوودا پلەی سـێیەم بەدەستدێنێت.

سەفین رەسول مەلا، راکەرێکی کوردی پێشبڕکێی مـاوە درێژەکانـە، لە شـاری چوارقورنەی باشـووری کوردسـتان لەدایکبووە، خاوەنی چەندین دەستکەوتە لە پێشـبڕکێکان لەسـەر ئاستی کوردسـتان و عێراق و ئەورووپـاش. ئەو بـە (رووداوی وەرزشـی) راگەیاند کـە بەر لـە چەند رۆژێک لە شـاری کۆڵنـی ئەڵمانیا بەشـداری پێشـبڕکێیەکی مـاوە درێژی کـرد، کە لە هەمـوو وڵاتانی جیهانـەوە یاریزانان بەشـداریان تێدا کـردو توانی سـەرکەوتنێکی گەورە بەدەسـتبێنێت و ئاڵای کوردسـتان لەو بۆنە وەرزشییەدا بەرز بکاتەوە.

ئـەو گوتی «زیاتر لە 2500 یاریزان لە هەموو وڵاتانی جیهانەوە بۆ بەشداریکردن لە پێشبڕکێیەکە هاتبوون، من بەشداریم لە پێشبڕکێی 5000 مەتری کرد، سوپاس بۆ خوا توانیم پلەی سێیەم بەدەستبێنم و ناو و ئاڵای کوردستانیش بەرز رابگرم».

سـەفین، کـە دانیشـتووی ئەڵمانیایە، ئێسـتا لە ئەکادیمیایەکـی تایبەت بە راکردن لـەو وڵاتە راهێنان دەکات، بە مەبەسـتی زیاتر و باشـتر خۆئامادەکردن بۆ پێشـبڕکێکانی داهاتوو. ئەو گوتی «زۆر سوود لەو ئەکادیمیایە وەردەگرم، ئەوان بەشێوەیەکی زانستیانە پێماندەگەینـن، پەنـا بەخـوا بەهـۆی ئـەوەی لـەم ئەکادیمیایە فێری دەبم، لە پێشبڕکێ نێودەوڵەتییەکانی داهاتـوودا ئەنجام و دەسـتکەوتی باشـتر و گەورەتر بەدەسـتدێنم». بـە قسـەی سـەفین لـە مانگـی 3 تاوەکو 6ی داهاتوو چەندین بەشـداری لە پێشـبڕکێ نێودەوڵەتییەکانـدا دەبێـت، کە لـە وڵاتانی ئەڵمانیا، سوێد، فەرەنسا و ئیتاڵیا ئەنجام دەدرێن».

سـەفین، بەر لە چەند مانگێک وەک خۆبەخشـێک لـە ئەڵمانیـا گەڕایـەوە کوردسـتان و هاوشـانی پێشـمەرگە بەشـداری لە پاراسـتنی کوردستان کرد لەدژی تیرۆریسـتانی داعش. ئێستاش بۆ راهێنان لەو ئەکادیمیایە گەڕاوەتەوە ئەڵمانیا.








ئینتەرنێتی EXTRA G بەسەر خزم و دۆستانت بەش بکە لە هەر شوێنێکی عێراق بن بەشێوازێکی ئاسان و خێرا

- ئەم خزمەتگوزارییە بەردەستە بۆ سەرجەم بەشداربووانی ئێکسترا و ئێکسترا VIP و ئێکسترا پلەس.
- بۆ کاراکردن: سەردانی ماڵپەری "بژاردەکانم" بکە لەڕێگەی ئەم لینکە selfcare.korektel.com هەروەها هەژمارێک بۆ خۆت دروست بکە بۆ مەبەستی بەشداریکردن لە ئینتەرنێت.
- دەتوانی ئینتەرنێت بەش بکەی بەسەر 3 ژمارە یاخود بە ئامێرێک کە پاڵپشتی سیمکارت بکات (Korek Modem, Korek Hotspot, Tablet, Mobile ,....) تەنانەت ئەگەر لە هەمان شوێنیش نەبن.
- ماوەی بەردەستبوون: هەمان ماوەی بەردەستبوونی ئەو پاکێجەی هەیە کە بەشداریت لێی کردووە.
- دەتوانی ژمارەکان زیاد بکەی و بیان سڕیتەوە هەروەها دەتوانی قەبارەی هەر بەکارهێنەرێک دیاری بکەی.

| پاکێجەکان | ئێکسترا | ئێکسترا VIP | ئێکسترا پلەس |
|---|---|---|---|
| قەبارە | 10 GB | 20 GB | 40 GB |
| کاراکردنی پاکێج (د.ع.) | 40,000 | 60,000 | 90,000 |
| ماوەی بەردەستبوون | 30 رۆژ | 30 رۆژ | 30 رۆژ |
| کاراکردنی بەشداربوونی داتاکان (د.ع.) | 7,000 | 6,000 | 5,000 |
| زیادکردنی بەشداربوو (د.ع.) | 5,000 | 4,000 | 3,000 |

korektel.com

411

KOREK



## بە مەرجە

هەرچەندە نەیمار دا سیلڤای یاریزانی بەرازیلی و باوکیشی ئەو هەواڵەیان ڕەتکردەوە کە باس لە ڕۆیشتنی نەیمار بۆ ریزەکانی ریال مەدرید دەکات، بەڵام گۆڤاری دۆن بالۆنی ئیسپانی سوورە لەسەر ئەوەی باوکی نیمار ڕازییە کوڕەکەی گرێبەست لەگەڵ ریال مەدرید بکات، بەڵام بە مەرجێک کە بۆ بەرپرسانی یانەی شاهانەی داناوە. لەو بارەوە ئەو گۆڤارە دەڵێت «مەرجی بنەڕەتی باوکی نەیمار کە بۆ گواستنەوەی کوڕەکەی بۆ ریال مەدرید دایناوە ئەوەیە، بەرپرسانی ئەو یانەکە هەموو کێشەکانی کوڕەکەی لەگەڵ دادگاکان چارەسەر بکەن».

# لە هاویندا..
# مۆرینیۆ دەبێتە شەیتانە گەورەکە



«مۆرینیۆ و یاریدەدەرەکانی ئامادەن بۆ وەرگرتنی مەشقەکانی مان یونایتد»

ئا: ڕووداوی وەرزشی

ڕۆژنامەیەکی بەریتانی دەڵێت «خۆزێ مۆرینیۆی ڕاهێنەری پورتوگالی بە یاریدەدەرەکانی گوتووە خۆتان ئامادە بکەن دەچینە مانچستەر یونایتد». ڕۆژنامەیەکی ئیسپانیش نووسیویەتی «چاوەڕێی هاوین بن، دەبینن چۆن مۆرینیۆ دەبێتە شەیتانە گەورەکە و سەرپەرشتی شەیتانە سوورەکانی مانچستەر یونایتد دەکات».

### یاریدەدەرەکانی ئاگادارکردووەتەوە

ڕۆژنامەی THE SUNی بەریتانی ئاشکرایکردووە، خۆزێ مۆرینیۆ کە لە ئەرکی ڕاهێنەرایەتی یانەی چێڵسی دوورخرایەوە، زۆر لەوە نزیک بووەتەوە پۆستی ڕاهێنەرایەتی یانەی مانچستەر یونایتدی ئینگلیزی وەربگرێت. ئاماژەی بەوەش کردووە کە مۆرینیۆ پەیوەندی بە یاریدەدەرەکانی پێشووی کردووە بۆ ئەوەی بێنەوە نێو تیمەکەی و نووسیویەتی «مۆرینیۆ بە یاریدەدەرکانی ڕاگەیاندووە خۆیان ئامادە بکەن بۆ چوونە مانچستەر یونایتد».

ڕۆژنامەکە باس لەوەش دەکات مۆرینیۆ کە پەیوەندیەکی باشی لەگەڵ سێر ئەلیکس فێرگسۆن، ئەفسانەی ڕاهێنانی مانچستەر یونایتد هەیە، لە ماوەی 6 مانگی داهاتوودا دەبێتە ڕاهێنەری شەیتانە سوورەکان.

مۆرینیۆ دوای دوورخستنەوەی لە ڕاهێنەرایەتی یانەی چێڵسی هەر لە ئینگلتەرا مایەوە، ئەوکات ڕایگەیاند ئامادەیە یەکسەر کار لە خولی نایابی ئینگلیزی بکاتەوە.

### قوتابی لەجیاتی مامۆستا

یەکێک لە گەرمترین بابەتەکانی ئێستای میدیای وەرزشی ئەورووپا تایبەتە بە یانەی مانچستەر یونایتد و ئەگەرەکانی مانەوە یان ڕۆیشتنی لویس ڤان گالی ڕاهێنەری هۆڵەندی لەو یانەیە. کە تاوەکو ئێستا ڕوون نەبووەتەوە بەرپرسانی یانەی شەیتانە سوورەکان دەرفەتی زیاتر بەو ڕاهێنەرە دەدەن یان بەڕێیدەکەن. بەڵام بە قسەی ڕۆژنامە بەریتانییەکە بێت «مۆرینیۆی قوتابی ئامادەیە بۆ جێگرتنەوەی مامۆستاکەی و لەو بارەوە نووسیویەتی «مۆرینیۆ هەمیشە ڤان گال بە مامۆستای خۆی دەزانێت، بەو پێیەی لە بارسێلۆنا پێکەوە کاریان کردووە، بەڵام ئەوە ڕێگر نییە لەبەردەم ئەوەی مۆرینیۆ لەسەر کورسی مامۆستاکەی دابنیشێت».

بۆ بیر هێنانەوە کارگێڕی مانچستەر یونایتد هێشتا بڕیاری لادانی ڕاهێنەری هۆڵەندی لویس ڤان گالی لە پۆستی ڕاهێنەری یانەکە نەداوە، هەرچەندە ئەنجامەکانیشی وەک پێویست نین، سەرەڕای ئەوەی جەماوەر و چاودێران ڕەخنەی توندی لێدەگرن.

### چاوەڕوانی هاوین بن

ڕۆژنامەی مارکای ئیسپانی کە زۆر نزیکە لە یانەی ریال مەدرید و هەمیشە بەوە ناسراوە کە هەر هەواڵێک لە بارەی ئەو یانەیە بڵاوبکاتەوە ڕاستەو دەبێتە واقیع. بۆیە ئەگەری بوونی مۆرینیۆ بە ڕاهێنەری شەیتانە سوورەکان زۆر بەهێزە، چونکە مارکا لە هەواڵێکدا لەو بارەوە نووسیویەتی «چاوەڕوانی هاوین بن.. دەبینن چۆن لویس ڤان گال لە مانچستەر یونایتد دەردەکرێت و مۆرینیۆ جێگەی ئەو دەگرێتەوە».

ڕۆژنامەی مارکا، بەوە ناسراوە کە هەر کاتێ ڕایگەیاند ئەم یاریزانە یان ئەو ڕاهێنەرە لەو یانەیە دەڕوات یان دێتە ئەو یانەیە، ڕاست دەردەچێت، بۆیە ڕۆیشتنی ڤان گال لە مانچستەر یونایتد نزیکە، چونکە مارکا پێیوایە «مانەوەی ئەو ڕاهێنەرە مەحاڵە». هەر ئەو ڕۆژنامەیەشە دەڵێت «لە سەرەتای وەرزی داهاتووە مۆرینیۆ دەبێتە شەیتانە گەورەکە و سەرپەرشتی شەیتانە سوورەکان دەکات».

### مارکا درۆ ناکات

دەکرێت بەسەرهاتی دەرکردنی کارلۆ ئەنچیلۆتی لە ڕاهێنەرایەتی ریال مەدرید، بەڵگەیەکی بەهێز بێت بۆ ئەوەی کە مارکا لەخۆیەوە هەواڵێکی وا ناوروژێنێت.

بەر لەوەی ئەنچیلۆتی لە ریال مەدرید دەربکرێت، فلۆرەنتینۆ پیریزی سەرۆکی یانەکە هێرشی کردە سەر ڕۆژنامەی مارکا و بە «درۆزن» وەسفی کرد، چونکە گوتبووی «ئەنچیلۆتی لە ریال مەدرید دەڕوات». بەڵام وەڵامی مارکا زۆر خێرا بوو، ڕۆژنامەکە بە مانشێتێکی گەورە نووسیبووی «مارکا درۆ ناکات».

هەروەها نووسیبووی «پیریز هەڕەشەی دوورخستنەوە لە ئەنچیلۆتی دەکات». پیریز لە نیوەڕۆی هەمان ڕۆژدا هەواڵەکەی بەدرۆخستەوە و دووپاتیکردەوە متمانەی تەواوی بە ئەنچیلۆتی هەیە. مارکاش وەڵامی دایەوەو نووسی «دەبێت هەموومان

## «مۆرینیۆی قوتابی لاری نییە لەسەر کورسی مامۆستاکەی دانیشێت»

چاوەڕێی هاوین بین، بزانین کامەمان درۆ دەکات».

مارکا ئەوکات خۆزێ مۆرینیۆی ڕاهێنەری پورتوگالی بە نموونە هێنایەوە، کە لە مانگی کانوونی دووەمی 2013 بە مانشێتێکی گەورە نووسیبووی «دەسەڵات بۆ پیریزە.. یان ئێمە یان مۆرینیۆ». ئەوکاتیش سەرۆک فلۆرەنتینۆ پیریز دەرکەوت و ئەو هەواڵەی بەدرۆخستەوە، بەڵام دوای هەمان وەرز مۆرینیۆی لە پۆستەکەی دوورخستەوە.

### ئندپێندنتیش وادەڵێت

ڕۆژنامەی ئندپێندنتی بەریتانیش لە ڕاپۆرتێکدا ئاشکرایکردووە کە مۆرینیۆ نامەیەکی بۆ بەرپرسانی یانەی شەیتانە سوورەکان ناردووەو تێیدا داوایکردووە بیکەنە ڕاهێنەری یانەکەیان و نووسیویەتی «مۆرینیۆ پلانی خۆی بۆ بەرپرسانی مانچستەر یونایتد ڕوونکردووەتەوە، بۆ ئەوەی لە ئێستاوە بیزانن کە ئەو چی بۆ ئەو یانەیە دەکات ئەگەر بیکەنە ڕاهێنەر». هەروەها نووسیویەتی «مۆرینیۆ لە نامەکەیدا باسی پلانەکانی کردووە، هەروەها بۆی ڕوونکردوونەتەوە کە پێویستی بە چەند یاریزانی نوێ هەیە و چیدەکات و چۆن یانەکە دەگەڕێنێتەوە ئاستی جارانی».



خاوەن خەڵاتی پوشکاش هێشتا باوەڕ ناکات..

# «ئەو کاتەی موژدەم پێدرا خەریکی خواردنی برنج و پاقلە بووم»

ڕووداوی وەرزشی - GULF NEWS

ویندل لیرای، یاریزانی یانەی گۆیانزا، کە لە خولی یانە پلە چوارەکانی بەرازیل یاری دەکات، دووپاتیکردەوە دوای بەدەستهێنانی خەڵاتی پوشکاش بۆ جوانترین گۆڵ لە ساڵی 2015 لە ئاهەنگی دابەشکردنی خەڵاتەکانی فیفا ژیانی سەراوژێر بووەتەوەو دەشڵێت «هێشتا باوەڕم نەکردووە، کە ئەو خەڵاتەم بردووەتەوە».

ویندل، ئاشکرایکرد خەریکی خواردنی برنج و پاقلە بوو لە ماڵی دایکی ئەو کاتەی زەنگی تەلەفۆنەکەی لێیداوەو یەکێک پێی ڕاگەیاندووە، ئەو گۆڵە جوانەی لە گۆلی ئەتلتیکۆ جۆ تۆماریکردووە، پاڵێوراوە بۆ وەرگرتنی خەڵاتی پوشکاش لەلایەن فیفاوە. ویندل لەو بارەوە لە هەڤپەیڤینێکی ڕۆژنامەڤانیدا گوتی «سەرەتا وامزانی شتەکە تەنیا گاڵتەیە، بەڵام دواتر تەلەفۆن لەدوای تەلەفۆن بۆم دەهاتن و هەمان شتیان پێ ڕادەگەیاندم». هەروەها گوتیشی «سوپرایزەکە گەورە بوو دوای ئەوەی داوەتنامەی فیفام پێگەیشت، چونکە تەنیا یەکجار بۆ دەرەوەی بەرازیل سەفەرم کردووە ئەویش بۆ ژاپۆن بوو، هەرچی هاوسەرەکەمە پێشتر هەرگیز سەفەری دەرەوەی وڵاتی نەکردووە، هەندێک تێناگەن دەرچوون لە ناوچەیەک لە ناوەڕاستی بەرازیل بۆ ئەوەی لە ئاهەنگێکی گەورە لە تەنیشت مێسی ئامادەبیت چ مانایەکی هەیە».

ویندل، ئاشکراشیکرد وەرگرتنی ئەو خەڵاتە ئەوی کردە پاڵەوان و یەکێک لەو یاریزانانەی زۆرترین داواکاری لەلایەن یانە گەورەکانەوە پێشکەشکراوە «لەو کاتەوە چەندین پەیوەندیم پێگەیشتووە، زۆریان داوایان لێکردووم پەیوەندی بە تیپەکانیانەوە بکەم، بێجگە لەوەی گرێبەستێکی فەرمیم لە یانەیەکی پلە دووی بەرازیل پێگەیشتووە، هەموو شتێکی بۆ ئامادەکردووم بۆ ئەوەی واژووی بکەم».




بەپێی ڕاپرسییەکی گەورەی ڕۆژنامەی تیلیگراف..

# مەدریدییەکان بڕوایان بە مانەوەی ڕۆناڵدۆ نەماوە

## «28 %ی مەدریدییەکان هێشتا ترسیان لە گفتوگۆیەکەی ڕۆناڵدۆ و بلان ماوە»

ڕووداوی وەرزشی - SPORT

ئەنجامەکانی ڕاپرسییەکی نوێ مایەی سەرسوڕمان بوون، کە ڕۆژنامەی تیلیگرافی بەناوبانگی ئینگلیزی لەنێو جەماوەری یانەی ریال مەدریدی ئیسپانیدا ئەنجامیداوە بۆ ئەوەی بزانێت هاندەرانی ئەو یانەیە تا چەند بڕوایان بەوە ماوە کە کریستیانۆ ڕۆناڵدۆی ئەستێرەی پورتوگالی بۆ وەرزی داهاتوو لە ریزی یانەکەیان بمێنێتەوە.

بە گوێرەی ئەنجامەکانی ئەو ڕاپرسییە، کە دەیان هەزار کەس بەشداریان لە دەنگدانەکەدا کردبوو، دەرکەوت تەنیا 35 %ی هاندەرانی ریال مەدرید پێیانوایە ڕۆناڵدۆ بۆ وەرزی 2016 - 2017 لەگەڵ یانەی شاهانە بەردەوام دەبێت و 65 % متمانەیان بەوە نییە دۆن لەگەڵ یانەکەیان بەردەوام بێت.

هەر بەپێی ئەنجامەکانی ئەو ڕاپرسییە زۆرترین هاندەرانی ریال مەدرید کە ڕێژەکەیان گەیشتە 28 % لەو بڕوایەدان کە قسەکردنی ڕۆناڵدۆ لەگەڵ لۆران بلانی ڕاهێنەری پاریس سانجێرمانی فەرەنسی لە یارییەکەی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا، بەڵگەیە لەسەر ڕۆیشتنی ڕۆناڵدۆ بۆ ریزەکانی یانە پاریسییەکە.

هاندەرانی ریال مەدرید بە ڕێژەی 25 % پێیانوایە ڕۆناڵدۆ بەهۆی خۆشەویستییە زۆرەکەی بۆ یانە کۆنەکەی، دەگەڕێتەوە ریزەکانی یانەی مانچستەر یونایتدی ئینگلیزی. هەروەها 6 %ش مەزندەیان کردووە ڕۆناڵدۆ ڕێچکەی دێڤید بێکهامی ئەستێرەی ئینگلیزی بگرێت و بچێتە خولی ئەمریکی.

ئەوەی زیاتر جێگەی سەرنج بوو لەم ڕاپرسییەدا ئەوەبوو کە سەرەڕای ئەوەی میدیای ئەورووپا زۆر باس لە ڕۆیشتنی ڕۆناڵدۆ بۆ ریزەکانی یانەی مانچستەر سیتی ئینگلیزی دەکات و ئەو یانەیەش ئامادەیە پارەیەکی خەیاڵی پێبدات، کەچی تەنیا 1 %ی هاندەرانی ریال مەدرید پێیانوایە ڕۆناڵدۆ ئەو بڕیارە دەدات، ئەویش بەهۆی ئەوەی کە مانچستەر سیتی ڕکابەری تەقلیدی یانە خۆشەویستەکەی مانچستەر یونایتدەو ئەو کاتەی ڕۆناڵدۆ لە خولی ئینگلیزی یاری بۆ یانەی شەیتانە سوورەکان دەکرد زۆر ڕقی لە مانچستەر سیتی بوو. لە کاتێکدا 3 %ی دەنگدەران ڕۆیشتنی ڕۆناڵدۆ بۆ یانەی چێڵسی و 2 %ش ڕۆیشتنی ئەو یاریزانە بۆ ریزەکانی یانەی ئارسناڵی ئینگلیزی بەدوور نازانن.



## درۆیە

لۆکا مۆدریچی یاریزانی کرواتی یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی هەموو ئەو هەواڵانەی رەتکردەوە کە باسیان لە ویستی ئەو یاریزانە بۆ چوونە ریزەکانی یانەی بایرن میونشنی ئەڵمانی دەکردو لەو بارەوە بە رۆژنامەی سپۆرتسکە نۆڤۆستی کرواتی راگەیاند «درۆیە، من هەرگیز ویستی ئەوەم نییە لە ریال مەدرید برۆم، بەڵکو هەر بیریشی لێناکەمەوە، تەنانەت دەمەوێ کاروانی وەرزشیی خۆم لەگەڵ ریال مەدرید کۆتایی پێبێنم. ئەوانەی باسی رۆیشتنیشم دەکەن بۆ بایرن میونشن، پێیاندەڵێم ئەوە مەحاڵە».



### لەگەڵ زلاتان ئیبراهیمۆڤیچ هەڵناکات..

# کاڤانی ئاگری بەرداوەتە ژووری جلگۆڕینی پاریس سانجێرمان

## "هاوڕێکانی کاڤانی داوا لە بەرپرسانی یانەکەیان دەکەن چیدی رێگەی پێنەدەن هێڵە سوورەکان ببەزێنێت"

رووداوی وەرزشی ـ CNBC

سەرچاوەیەکی نزیک لە یانەی پاریس سانجێرمانی فەرەنسی ئاشکرایکرد کە ئەدینسۆن کاڤانی هێرشبەری ئۆرۆگوایی بووەتە سەرئێشەی ژووری جلگۆڕینی یانەکەو سەرجەم هاوڕێکانی داوا لە ئیدارەی یانەکەیان دەکەن سنوورێک بۆ رەفتارە نابەجێکانی کاڤانی دابنێت.

پێدەچێت شتەکان لەنێوماڵی پاریس سانجێرمان هێمن و ئارام بن سەبارەت بە میرکاتۆی زستانە، بەڵام هەندێ شتی دیکەن هەن بەم دواییە هاتوونەتە ئاراوە، بەتایبەتی کێشەی رەفتاری ئەدینسۆن کاڤانی لەنێو تیپەکەدا.

لە کاتی مانەوەی نێردەی یانەی پاسیجی لە ئۆردوگای مەشق لە دەوحەی پایتەختی قەتەر لە مانگی کانونی دووەمی رابردوودا، چەندین راپۆرتی رۆژنامەوانی بڵاوبوونەوە، کە دووپاتیان دەکردەوە، ئەدینسۆن کاڤانی ئەو کاتە پابەندی دسپلینەکان نەبووە، ئەوەش پێویستی بە دەستێوەردانی بەکۆمەڵی ئەستێرەکانی یانەکە هەبوو، بۆ ئەوەی کارگێڕی یانەکە بەوە رازی بکەن سنوورێک بۆ ئەو یاریزانە دابنێت و رێگەی پێنەدات هێڵە سوورەکان ببەزێنێت.

بەپێی سەرچاوەیەکی نزیک لە یانەی پاریسی، کاڤانی لەگەڵ زۆربەی هاوڕێکانی، بەتایبەتیش هاوڕێ سوێدییەکەی، زلاتان ئیبراهیمۆڤیچ هەڵناکات، هەر بۆیەش دوای یاری پاریس سانجێرمان لەگەڵ یانەی تولۆز لە قۆناخی 16ی جامی ئیسپانیا، ئیبراهیمۆڤیچ بە ئاشکرا گلەیی لە کاڤانی کرد و راشکاوانە گوتی "کاڤانی رازی نەبوو پابەندی زۆر لە رێنماییەکانی راهێنەر بێت لە سەرەتای وەرزەوە، بێجگە لەوەی پابەندی یاسای ناوخۆیی یانەکەش نەبووە". زلاتان هەروەها گوتیشی "هەندێک بنەما هەن دەبێت هەموو رێزی لێبگرن، ئەو شتانەی ئاساییین و هیچ شتێکی نامۆیان تێدا نییە، وابزانم شتەکە روونە". بێگومان ئەم قسانەی زلاتان، بەتایبەتیش دوایین بەشی لێدوانەکە نامەیەکی بەکۆدە بەوەی کاڤانی لە پەیامەکە گەیشتووە.




### سەرۆکی هەریەکەیان نزیکەی ملیار دۆلار زیانی کردووە..

# ...ینی نرخی نەوت هەڕەشە ...ڵسی و ئارسناڵ دەکات




"ئۆسمانۆف، کە دووەم گەورەترین پشکی لە ئارسناڵ هەیە و دەکاتە یەک لەسەر سێ، لە سەرەتای ساڵی 2016 تاوەکو ئێستا 910 ملیۆن پاوەند (1.2 ملیار دۆلار) زیانی کردووە. ئەبرامۆڤیچیش کە سامانەکەی بە 4.2 ملیار پاوەند (5.98 ملیار دۆلار) مەزەندە دەکرێت، نزیکەی 575 ملیۆن پاوەند (819 ملیۆن دۆلار) زیانی بەرکەوتووە". ئەو رۆژنامەیە زیاتر لەو بارەوە نووسیویەتی "بێگومان ئەو زیانە گەورەیەی بەر سامانی ئەو دوو ملیاردێرە کەوتووە، وا دەکات ئەوان وەکجاران نەتوانن دەستکراوە بن لە خەرجکردنی پارەی زۆر بۆ کڕینی یاریزانان لە هەردوو میرکاتۆی هاوینە و زستانەدا، بێگومان ئەوەش دەبێتە هۆکاری کەمبوونەوەی تواناکانی ئەو دوو یانەیە". تەنانەت بەقسەی رۆژنامەی میرۆری بەریتانی بێت "هەندێک لە چاودێران دەڵێن ئەگەر نرخی نەوت بۆ ماوەی چەند ساڵێکی دیکە بەمشێوەیە لە دابەزین بەردەوام بێت، ئەوا هەڕەشەیەکی راستەقینە لەسەر ئەو دوو یانە بەناوبانگەی شاری لەندەن دروست دەبێت".

...ازاڕە جیهانییەکان بەردەوام
...ەڕەشە لە هەردوو یانەی
... بەریتانیش بڕی زیانەکانی
...خی نەوت ئاشکرا دەکات.
...ەوە دەکەن کە رۆمان
...ی ئینگلیزی، لەگەڵ
... سەرۆکی یانەی
...یانێکی دارایی
...وخۆی لەسەر
...ئەوەش رۆڵی
...ندەن.
... لەو زیانانە
... بەر ئەو دوو
...سیویەتی



» زانیاریم لەسەر ئەوە هەیە کە لە وەرزی داهاتوودا کریستیانۆ رۆناڵدۆ و گاریس بەیل پێکەوە لە ریال مەدرید دەڕۆن

رامۆن کالدیرۆن
(سەرۆکی پێشووی یانەی ریال مەدرید)



» یاریزانانی بارسیلۆنا ناتوانن گاڵتەم پێبکەن و نوکتەم لەسەر بڵێن، چونکە لەوە دەترسێن پێڵاویان تێبگرم

ئەردا تۆران
(یاریزانی یانەی بارسیلۆنا)



» من مەدریدیم و حەزدەکەم ریال مەدرید نازناوی چامپیۆنسلیگ بباتەوە، بەڵام ئەگەر نەیبردەوە حەزدەکەم بارسیلۆنا بیباتەوە

رائوول گۆنزالێس
(کاپتنی پێشووی یانەی ریال مەدرید)



» من هەرگیز لەو راهێنەرانە نیم کە کەسێکی دیکە پێکهاتەی تیپەکەم بەسەردا بسەپێنێت، هەرگیز پێش یاریش بەهیچ یاریزانێک ناڵێم تۆ یاری دەکەی یان نا

لویس ئێنریکی
(راهێنەری یانەی بارسیلۆنا)



» زەحمەتترین کار بۆ من ئامادەکردنی خواردنە، بەڕاستی بێجگە لە کوڵاندنی هێلکە نازانم هیچ خواردنێکی دیکە لێبنێم

کریستیانۆ رۆناڵدۆ
(ئەستێرەی یانەی ریال مەدرید)



» هاتنی هیگواین بۆ بایرن میونشن هیچ کێشەیەکم بۆ دروست ناکات، چونکە ئەو دەبێتە یەدەگ و منیش هەر بە سەرەکی دەمێنمەوە

رۆبەرت لیڤاندۆڤسکی
(هێرشبەری یانەی بایرن میونشن)



## تێکچووە

ڕۆژنامەی بیلدی ئەڵمانی نهێنییەکی نوێی ناو ماڵی مەدریدی ئاشکراکرد و ڕایگەیاند کە فلۆرەنتینۆ پیرێزی سەرۆکی یانەی ڕیال مەدرید زۆر لە کریستیانۆ ڕۆناڵدۆی ئەستێرەی یەکەمی یانەکەی تووڕە بووە، بەهۆی ئەوەی دەنگی بە کارلۆ ئەنچیلۆتی داوە بۆ دەستنیشانکردنی باشترین ڕاهێنەری ساڵی 2015 و لەو بارەوە نووسیویەتی «پەیوەندی نێوان پیرێز و ڕۆناڵدۆ تێکچووە، لەوەتەی دەرکەوتووە کە ڕۆناڵدۆ دەنگی بە ئەنچیلۆتی داوە، چونکە پیرێز پێیوایە ڕۆناڵدۆ بەو دەنگدانە پەیامی ئەوەی پێداوە کە تۆ باشترین ڕاهێنەری جیهانت لە ڕیال مەدرید دەرکرد».



ڕێبوار محەممەد

# یان ئێستا یان هەرگیز..

تەنگژەی دارایی بینەقاقای خەڵکی گرتووە و حکوومەتی تەنگەتاو کردووە، نیو مووچە و چارەکە مووچە و بێمووچەیی بووەتە بنێشتە خۆشەی سەرزاری هەمووان، کاریکاتێر و تەعلیق و کۆمێنتەکان تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیان تەنیوە، ئیدی گەرمترین باس باسی پارەیە، دۆخەکەش هێندە شڕ و بێحاڵە بۆ چارەسەری قەیرانەکان و دۆزینەوەی ڕێگەچارە، باسی هەموو شتێک دەکرێت تەنیا وەرزش نەبێت، ئاخر خەڵک پارەی نانیان پێنییە، وەرزش چییە؟ مەگەر وەرزش بەشێک نییە لە کەمالیات و ڕابوێری.

ناچمەوە سەر ئەوەی کێ خەتابارە؟ بەدوای ئەوەشدا ناگەڕێم بۆ وامان لێهات؟ ئەوە هەمووانی سەرقاڵکردووە و هەریەکە و لەلای خۆیەوە لێدوان و شرۆڤە و بۆچوون بۆ وەڵامی ئەو پرسیارانە دەکات، بۆ وەرزشیش هەر نێزیکەی هەمان شتە، حکوومەت یانە و دامەزراوە وەرزشییەکان و بەرپرسەکانیانی فێری حازر خۆری کرد و ئەوانیش تەخسیریان پێنەکرد. حکوومەت بە لۆرییە دیناری هەڵڕشتە مەیدانی وەرزشەوە و ئەوانیش کەمتەرخەم نەبوون لە خەرجکردنیدا جا بەباش بووبێت یان خراپ.

ئێستا شتەکە ڕوونە و دۆخەکە ئاشکرایە، حکوومەت پارەی مووچەخۆرەکانی خۆی پێنییە و بەشوێن ئەوەوەیە بۆ ئەوەی بەشێوەیەک لە شێوەکان چارەسەری بکات، ئۆتۆمبێلەکانی دەفرۆشێت و بە دەفتەری قەرزەکانیدا دەچێتەوە، تازە قەیرانەکە هاتووە و هەموو بیرکردنەوەکان لەوەدا چڕ دەبنەوە چۆن بگەینە چارەسەر.

لەو نێوەندی کۆنفرانس و کۆبوونەوانەدا کە بۆ چارەسەری کێشەکان دەکرێت، ئەوەی ڕووی قایمی بوێت بۆ باسکردن، کێشەکانی وەرزشە، ئەو وەرزشەی تا ئێستا بەشێک بووە لە نەزیفی داهاتەکانی ئەم وڵاتە، گەرچی هەندێک دەستکەوتی جێگەی شانازیشی هەبووە.

وەرزش و یانە وەرزشییەکان بەشێکی دیکەی ئەو بارگرانییەن کە بەکۆڵی حکوومەتەوەن، ئێستا کە حکوومەت دەیەوێ چاکسازی بکات و قۆڵی بۆ ئەو کارە لێهەڵماڵیوە باشترین کاتە بۆ ئەوەی وەرزشیش بەیەکجاری لە کۆڵ خۆی بکاتەوە و کورد گوتەنی خۆی لێ بێخەم بکات.

ئێستا کە هەموو هەنگاوەکان بە ئاراستەی چارەسەر و سکەڵگوشین و دەستگرتنەوەوەیە، باشترین هەلە بۆ ئەوەی وەرزشیش بەیەکجاری یەکلا بکرێتەوە، حکوومەت کە نەتوانێ مووچە بدات، با کورد گوتەنی ڕاستە و ڕاست دەستی یەکجاری لە وەرزشیش هەڵبگرێت.

ئەوەی هەمانە لە ژێرخانی وەرزشی و دامەزراوە و یانەکان، پێویستیان بەوە هەیە دەستیان پێدابگێڕدرێت و کەم و پوخت بکرێنەوە، ئەگەر تا ئێستاش هەندێک یانە لەبەر خاتری ئەم و ئەو بەرپرس مابنەوە، هەقە ئیدی یەکلایی بکرێنەوە، کام بەرپرسە بەرگری لە مانەوەی یانەکەی دەکات فەرموو با بۆخۆی بەخێوی بکات و سەرچاوەی داهاتی بۆ بدۆزێتەوە، ئیدی حکوومەت پارەی پێنییە.

حکوومەت دەتوانێ چی بکات؟ دەستبەجێ بڕیار بۆ فرۆشتنەوەی یانەکان دەربکات و بەیاسا ئەوە ڕێکبخات، بەرپرسی یانەکان ناچار بکات خەم لە خۆیان بخۆن، با زەوی و یاریگەکانیان بەناوەوە بکات و بەشی ژێرخانی داهاتووشیان بۆ دابین بکات، بەڵام ئەوەشیان پێ بڵێت کە ئیدی نە چاوەڕێی مینحە و پارە بکەن، نە بەردەرگای حکوومەتیش بگرن بۆ پارە، فەرموو خۆتان بەشوێن سپۆنسەر و سەرچاوە داهاتدا بگەڕێن، خۆتان وا بکەن وەرزش ببێتە پیشە، پیشەیەک کە منداڵ و گەنجە یاریزانەکانی پێبژی و ناچار بەداهێنانیان بکات.

ئەگەر ئەوە کرا، ئەوکات دەردەکەوێت کام بەرپرسی یانەیە خەمخۆری یانەکەیەتی و دەتوانێ سەرچاوەی داهاتی بۆ بدۆزێتەوە کامیشیان دەستەوئەژنۆ دادەنیشێت و خەم لە ڕابردووی خۆی دەخوات.

ئەمانە و دەیان هەنگاوی دیکە شتێک بەناوی باڵادەستی حکوومەت بەسەر وەرزشدا و شتێکیش بەناوی چاولەدەستیی وەرزش بۆ حکوومەت ناهێڵنەوە، ئێستا کاتیەتی.. یان ئێستا یان هەرگیز.

# مۆلەر یەکەمی ناو ژنانە

**ڕووداوی وەرزشی ـ DW**

بە گوێرەی ڕاپرسییەکی نوێ، کە دەرکەوت کە تۆماس مۆلەری هێرشبەری هەڵبژاردەی ئەڵمانیا و یانەی بایرن میونشن ناسراوترین یاریزانە لای ئافرەتانی ئەو وڵاتە، هەرچەندە لە ڕووی ڕووخسارەوە کوڕێکی ئەوەندە سەرنج ڕاکێش نییە.

لەو ڕاپرسییەدا کە گۆڤارێکی ئەڵمانی تایبەت بە خۆشەویستترین و ناسراوترین یاریزانان لەلای ئافرەتانی ئەڵمانیا ئەنجامی دابوو، مۆلەر بەپێش هاوڕێیەکەی لە بایرن میونشن، مانوێل نویەری گۆڵپارێز کەوت و پلەی یەکەمی بەدەستهێنا.

مۆلەر، پلەی یەکەمی بەرکەوت لە ڕیزبەندی یاریزانە ناسراوەکان لەلایەن ئافرەتانی ئەڵمانیا، دوای ئەوەی 18%ی دەنگەکانی بەدەستهێنا، لەو کاتەی مانوێل نویەر 16%ی دەنگەکانی بەدەستهێناو بووە خاوەنی پلەی دووەم. دوای ئەوانیش هەریەک لە یاریزانن، ماتس هۆمێلزی بەرگریکاری یانەی بورۆسیا دۆرتمۆند، باستیان شڤاینشتایگەری یاریزانی هێڵی ناوەڕاستی یانەی مانچستەر یونایتدی ئینگلیزی و فیلیپ لامی کاپتنی یانەی بایرن میونشن، پلەکانی سێیەم و چوارەم و پێنجەمیان بەدەستهێنا، دوای ئەوەی هەریەکەو 8%ی دەنگەکانیان بردەوە.

تۆماس مۆلەر، گرانترین یاریزانە لە خولی ئەڵمانیا، کە گرێبەستی لەگەڵ یانە باڤارییەکە، تاوەکو ساڵی 2020 دەخایەنێت و مووچەی ساڵانەشی 15 ملیۆن یۆرۆیە.



پێشبڕکێ



به کورتترین و جوانترین لێدوانت لەسەر ئەم وێنەیە خەڵات وەربگرە

کورتە نامەیەک لەگەڵ ناوی خۆت بنێرە بۆ ژمارە تەلەفۆنی:

**0750 833 3555**



براوەی پێشبڕکێی ژمارەی پێشوو

سۆران عوسمان لە چەمچەماڵ

به لێدوانی:

**( کەریم پەکی کەوت، زێدان فریای کەوت )**

## LOTTO 5 — چل و شەشەمین پێشبڕکێ

ژمارە (385) سێشەممە 2016/1/26

شەش کۆبۆنی یەک بەدوای یەک، واتا هی شەش ژمارەی لە دوای یەک بە ناو و ژمارەی تەلەفۆنی خۆت پڕ بکەرەوە و بیگەڕێنەرەوە بۆ ئەو شوێنەی (ڕووداوی وەرزشی)ت لێکڕیوە، بەو جۆرە لەتیروپشکی بردنەوەی لۆتۆی ڕووداوی وەرزشی بەشداربە.

خەڵاتەکان:

1 ـ ئامێری ڕۆیشتنی کارەبایی
2 ـ تەلەڤزیۆنی LCD
3 ـ کۆمپیوتەری لاپتۆپ
4 ـ کۆمپیوتەری دیسکتۆپ
5 ـ ئامێرەکی تەلەفونی مۆبایل

ناو : ..............................

مۆبایل : ..............................

(ڕووداوی وەرزشی) بخوێنەوەو خەڵات ببەرەوە




RÛDAW
(ڕووداوی وەرزشی) ڕۆژنامەیەکی هەفتانەیە کۆمپانیای ڕووداو بە سپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم، هەموو ڕۆژانی سێشەممە دەریدەکات
لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بە ژمارەی متمانەی (160) تۆمارکراوە
www.rudaw.net
سەرنووسەر: ئیحسان تاهیر محەممەد
e-mail:ihsan@rudaw.net - 0750 454 71 68
ئەندامی شانازی ستاف: عەبدوڵڵا قرگەیی
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی
دیزاینەران: هونەر مەرجان ـ شاهۆ محەممەد

هەموو دووشەممەیەک بخوێنەوە
ڕووداو هەمووومان گەنجتر دەکاتەوە